

# لە هامبۆرگ فێستیڤاڵی فیلمی کوردی بەڕێوەدەچێت





■ ئا: لیزا محەممەد

دەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە هامبۆرگی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێ، بەهۆی نەبوونی سپۆنسەریش هیچ خەڵاتێک نادرێتە فیلمە بەشداربووەکانی فێستیڤاڵەکە.

فێستیڤاڵەکە لە رۆژی 30/10/2019 دەستپێدەکات و ماوەی هەفتەیەک دەخایەنێ. عەدالەت شاری، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "فێستیڤاڵی ئەمساڵ پێشکەش بە رۆژئاوای کوردستان دەکرێت. فێستیڤاڵەکەش بە نمایشکردنی فیلمی (خوشکانی چەک) لە دەرهێنانی خانمە دەرهێنەری فەرەنسی کارۆلینا فۆرێس دەکرێتەوە". عەدالەت شاری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەر لەم فێستیڤاڵەدا یادی شەڕی کۆبانێ دەکرێتەوە و فیلم لەبارەی شۆڕشی رۆژئاوا و شۆڕشی ژنان نمایش دەکرێت.

دیارترین ئەو فیلمانەی لەو فێستیڤاڵە نمایش دەکرێن بریتین لە فیلمی خوشکانی چەک لە دەرهێنانی کارۆلینا فۆرێس. فیلمی زاگرۆس، لە دەرهێنانی سەهیم عومەر خەلیفە، هەروەها فیلمی ناوچەی فەرماندە.

لەم خولەی فێستیڤاڵدا 37 فیلمی درێژ، کورتەفیلم، فیلمی دۆکیومێنتاری، فیلمی منداڵان نمایش دەکرێن. عەدالەت شاری دەڵێت: "جیاواز لە فێستیڤاڵەکانی رابردوو لەم فێستیڤاڵەدا رۆژێک بۆ منداڵان تەرخانکراوە، منداڵان بێبەرامبەر بینەری فیلم و ئەنیمەیشنی کوردیی تایبەت بە منداڵان دەبن".

بە گوتەی شاری، جگە لە نمایشی فیلم، چوار پانێڵ و سیمینار سەبارەت بە فیلمەکان بەڕێوەدەچن و پێشکەشکردنی گۆرانی و میوزیکیش بەشێک دەبن لە بەرنامەی فێستیڤاڵەکە.

فیلمە بەشداربووەکان لە سێ سینەمای دیاری ناو شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا نمایش دەکرێن، بەڵام عەدالەت شاری دەڵێت بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر، هیچ خەڵاتێک دابەش ناکرێ.

# کۆ بەرهەمە شیعرییەکانی بەختیار عەلی چاپ دەکرێنەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

چاپی چوارەمی کۆبەرهەمی شیعریی "تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە"ی بەختیار عەلی، شاعیر و رۆماننووسی کورد چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەم بەرهەمە ئەدەبییە بەهۆی نەمانی دواین چاپی، چاپی چوارەمی بڵاوکرایەوە و ئێستا لە کتێبفرۆشەکانی کوردستان دەستدەکەوێت.

"تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە" کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی بەختیار عەلی لە ساڵی 1983 تا 2004 لەخۆدەگرێت و لەلایەن ناوەندی رۆشنبیریی رەهەندەوە کاری دابەشکردنی بۆ دەکرێت.

تابلۆی بەرگی کتێبەکە لەلایەن هونەرمەند ئامانج ئەمینەوە دروستکراوە و لەچاپخانەی کارۆ چاپکراوە.

چاپی نوێی (تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە) ئەم قەسیدە و دیوانە شیعرییانەی لەخۆگرتووە:

کتێبی (پیاوکوژان)، (جەلاد)، (دەرگاکان)، (عەشق)، (کەرنەڤاڵ)، (شار)، (گوناە)، (ئای لەو رۆژگارە خۆشانە)، (هاوارەکانی ئەهریمەن)، (گەڕانەوە)، (نیشتمان)، (بۆهیمی و ئەستێرەکان) و (ئیشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا).




# "تێبینی"یەکەی ئینان ئەرگلۆ بڵاوکرایەوە




■ ئا: بەسام مستەفا

نووسەری گەنجی کوردی باکووری کوردستان ئینان ئەرگلۆ، یەکەمین کتێبی خۆی بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە.

کتێبەکەی ئینان کۆمەڵە چیرۆکێکە بەناوی "تێبینییەک" بە شێوەزاری کرمانجی نووسراوە. کتێبەکە لە 112 لاپەڕە پێکدێ و لەلایەن چاپخانەی ئاڤێستا لە لە ئیستانبوڵ چاپ و بڵاکراوەتەوە.

ماڵپەڕی ئەمازۆن کە تایبەتە بە فرۆشتنی پەرتووک بەشێوەی ئەلیکترۆنی، لەگەڵ نمایشکردنی پەرتووکەکە بۆ فرۆشتن، بەشێک لە چیرۆکی "تێبینییەک" کە یەکێک لە چیرۆکەکانی کتێبەکە و ناونیشانی کتێبەکەشە، داناوە: "دڵم پێمدەڵێت قەڵەمەکەت هەڵبگرە و بەردەوام بنووسە، بەڵام من نانووسم".

ئینان ئەرگلۆ، دانیشتووی ئیستانبوڵە. دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە لە زانکۆی ئارتوکلۆ لە ماردین. پێش ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، کتێبێکی دیکەی بە زمانی تورکی بەناوی (کرمزدا گەچەنلەر) بڵاوکردووەتەوە.

نامە ئەکادیمییەکان

# کەرکووک و بزاڤی شیعری کوردی

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە ناونیشانی نامەیەکی دکتۆرای (محەممەد ئەحمەد سەعید)ـە کە بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. زاهیر لەتیف کەریم) ساڵی (2001) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.

نامەکە لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم، بۆ باسکردنی کەرکووک لە ڕەهەندە جیاوازەکانی جوگرافی، ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیری تەرخانکراوە. توێژەر باسی سنووری جوگرافی و نەوتی کەرکووکی کردووە کە وای کردووە بە درێژایی مێژوو ببێتە شوێنی ململانێ، هاوکات ڕێژەی کورد کە بەپێی ئاماری ساڵی 1957 زۆرینەیە و 48% پێکدێنێ، بەڵام بەهۆی تەعریب و بە زۆرکۆچپێکردنەوە لە ساڵی 1977 ڕێژەکە بووە بە 37%. لەڕووی ئابوورییەوە سێ سەرچاوەی گرنگی هەیە: ستراتیجی شوێنەکەی، زەویوزاری کشتوکاڵی، سامانی نەوت. دواتر بۆچوونی گەڕیدەکان لەبارەی کەرکووکەوە دەخاتەڕوو کە بە یەکێک لە کۆنترین شارەکانی عێراق دادەنرێ و ناوە کۆنەکەی ئارابخا بووە. کەرکووک لە مێژوودا دەیان داگیرکاری جیاوازی بینیوە، لەوانە مەغۆلەکان، تەیموری لەنگ، عوسمانی و سەفەوییەکان، لە سەدەی بیستیشدا ئینگلیز کە لە ساڵی 1918 کەرکووکیان داگیرکرد، لەو دەمەشەوە تا ئێستا کەرکووک لە شەڕی ناوخۆیی و دەرەکی بێبەش نەبووە. سەبارەت بەباری ڕۆشنبیری، بەهۆی ململانێ و داگیرکارییەوە پەراوێزخراوە، بەڵام لە سەدەی هەژدە عوسمانییەکان چەند قوتابخانەیەک دەکەنەوە، ئەمەش بووە هۆی چەسپاندنی زمانی تورکی کە دواتر کاریگەریی گەورەی لەسەر شاعیران دانا. بەڵام مزگەوت و خانەقاکانیش ڕۆڵیان لە بوژاندنەوەی ڕۆشنبیریی ناوچەکە هەبوو، کە بە فارسی و عەرەبی، هەندێک وانەش بەتورکی بخوێنن، بۆیە خاڵسی 1212–1275 بەهەر چوار زمانەکە شیعری نووسیوە. هەروەها تەکێ و خانەقاکانی وەک تاڵەبانی و جەباری، سەید ئەحمەد مەڵبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و سیاسی ناوچەکە بوون.

سەبارەت بە قوتابخانەکانی کەرکووک و بواری ڕۆژنامەگەری و بە کوردی خوێندن، مامۆستا کوردەکان چەند هەفتەیەک پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز یاداشتێکی 10 خاڵییان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لە کەرکووک و خوێندن بە زمانی کوردی دایە وەرزارەتی پەروەردە، بەڵام هەرزوو دژایەتی کران. سەبارەت بە چاپ و ڕۆژنامەگەری لە کەرکووک، لە عێراقدا سێیەم شارە چاپەمەنی هەبووبێت، لە ساڵی 1890 لەسەردەمی فەیزی پاشای والی، یەکەم چاپخانەی هەبووە کە دواتر بۆ موسڵ گوستراوەتەوە. لە 1909 و 1911 چاپخانە و ڕۆژنامەی الحوادپ چاپکراوە، هەروەها ڕۆژنامەی کەرکووک لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە 1923 دەرچووە، کە زیاتر بۆ ململانێی نێوان ئینگلیز و شێخ مەحموودی حەفید تەرخان بووە، ڕۆژنامەکە بە تورکی و هەندێجاریش بە کوردی بڵاوبووەتەوە. لە قادرکەرەم شاکر فەتاح چەند هەواڵنامەیەکی دەرکردووە، لە 1960یشدا گۆڤاری پێشڕەو دەنگی قوتابیان بڵاوکراوەتەوە. دواتر توێژەر بەپێی قۆناغەکان باسی چالاکیە جیاوازە ڕۆشنبیرییەکان دەکات کە لە پاش کودەتای 1963و دوای 1975 و لە هەشتاکانیشدا کاروچالاکییەکان لاواز بوون. هەر لەم بەشەدا توێژەر باسی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی کەرکووک دەکات.

بەشی دووەم، باسی شاعیرانی سەدەی هەژدە و نۆزدە دەکات کە بە دیالێکتی گۆران نووسیویانە، ئاماژەش بە دیالێکتی گۆران دەکات کە لە سەدەی چواردەوە تا سەدەی نۆزدە پێی نووسراوە و کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی کوردییەوە هەبووە. لەسەدەی هەژدە ڕەنجوری شاعیر بە دیالێکتی گۆران دەنووسێ کە شیعرەکانی بەرگی تەسەوف، دڵداری، نیشتمانی و کۆمەڵایەتییان پۆشیوە. سەبارەت بە نیشتمانپەروەری، ڕەنجوری نامەی بەبای شەماڵ بۆ عەبدولڕەحمان پاشای بابان ناردووە کە لای عوسمانییەکان زیندانی بووە. دواتر لە سەدەی نۆزدە بە هاتنی سێ کوچکەی بابان و زاڵبوونی نووسین بەدیالێکتی کرمانجیی خواروو، دیالێکتی گۆران رووی لە کزی کرد، بەڵام کۆتایی نەهات، بۆیە شاعیرانی کەرکووک بە هەردوو دیالێکتەکە شیعریان نووسیوە، ئەو شاعیرانەی بە دیالێکتی گۆران نووسیویانە: مەلای جەباری، خەمناکی بچووک، فەقێ قادری هەمەوەندی و هتد، بە کرمانجی خوارووش شێخ ڕەزای تاڵەبانی. مەلای جەباری هاوچەرخ و هاوڕێی مەولەوی بووە و دیدەنی مەلای کردووە، بە نزیکبوونەوە لە مەلا مەولەوی ئەم بەیتەی بێسارانی بە دەنگێکی سۆفییانە دەڵێتەوە:

شەوەن خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن
ئالەم گرد وتەن دوس خەبەردارەن

مەلاش هەر بە شیعر وەڵامی بەیتەکە دەداتەوە:

ئیرادەم ئێدەن وەی کەڵپوسەوە
شەو ناڵین وەشەن جەلای دووسەوە

جەباری لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە کراوە، یەکەمجار لە ساڵی 1943 لە گۆڤاری گەلاوێژ لەلایەن محەممەد خورشید و نەجمەدین مەلاوە لەسەری نووسراوە. بەگشتی بابەتی شیعرەکانی جەباری زۆرتر وەسف و دڵدارین و کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر شاعیرانی پاش خۆی جێهێشتووە. دواتر توێژەر باسی فەقێ قادری هەمەوەند دەکات کە شاعیر و سەرخێڵی هەمەوەند بووە، شاعیرێکی ئاگادار و خوێندەوار بووە، جگە لەنووسینی شیعر لە بوارەکانی ئاین و فەلسەفەشدا شارەزا بووە و نووسیویەتی و وەرگێڕانیشی کردووە. فەقێ پاش ئەوەی دەبێت بە قایمقامی چەمچەماڵ، لەلایەن عوسمانیەکانەوە دەگیرێ و ڕەوانەی لیبیا دەکرێ. فەقێ موریدی کاک ئەحمەدی شێخ بووە کە ئەمەش وایکردووە کاریگەری سۆفیگەری لە شیعرەکانیدا ببینرێت. بەرهەمەکانی فەقێ بەم جۆرەن:

١ـ درودنامە: نامیلکەیەکی ئاینیە


٢ـ میعراجنامە: باسی میعراج و ستایشی خوا و پێغەمبەر و هەروەها موعتەزیلەکانیش دەکات.

٣ـ فەزیلەتی بەنی ئادەم: باسی دروستبوونی ئادەم و هەر چوار ڕەگەزەکەی دروستبوون و باوەڕ و جۆرەکانی، پاراستن و چەشنەکانی کە تەقلید و ئیستدلال و حەقیقیە، دەکات.

ئەوەل تەقلیدی دووەم ئیستدلال
سێیەم حەقیقی فەرخوندە خیصال
تەقلیدی بە کەسب ڕەنج ئوستادەن
حەرەکەش تەقلید ئابا و ئەجدادەن

دواتر باسی ڕۆح و حەقیقەت و تەریقەت دەکات.

مەعریفەت پاشاکەی ڕۆحە، حەقیقەت پاشاکەی عەشقە، تەریقەت پاشاکەی عەقڵە، شەریعەت پاشاکەی دڵە، نەریت و عادەت پاشاکەی ئیرادەیە، ڕێکوپێکی سیستم پاشاکەی نەفسە، قانون پاشاکەی ئەهریمەنە. بەمجۆرە بەپێی خەیاڵ و توانای خۆی دیدی خۆی خستووەتەڕوو.




٤ـ چەند وتارە شیعرێکە باسی ئەشعەریەکان دەکات و وەڵامی جەبرییەکانیش دەداتەوە.

٥ـ پەندی حەکیمان: لە فارسیەوە وەریگێڕاوە.

٦ـ عەقیدەی ئیسلام: باسی باوەڕەکانی موسڵمانانە کە جۆرێکە لە ئامۆژگاریکردنیان.

٧ـ سەما و زەمین:

٨ـ هەروەها چەند چامەی شیعری تری هەیە کە لەبارەی وەسف، غەزەلی دڵداری و لاواندنەوە و نامەی شیعرین.

دواتر توێژەر باسی شێخ ڕەزای تاڵەبانی وەک شاعیرێکی دیاری هەجوونووس دەکات کە بە هەردوو دیالێکت نووسیویەتی. هەجوونووسی بوارێکی گرنگی ڕەخنەگرتن و فرە مەبەستە کە ئەم شاعیرە لەناو کورددا ناودارترینە. شێخ هەجووی ژنە شاعیرێکی هاوچەرخی خۆی بە دیالێکتی گۆران دەکات:

حەسەن کەنۆشەن حەسەن کەنۆشەن
ئینە کناچەی حەسەن کەنۆشەن
کەللەشڵەقیاو ناوگەڵش بۆشەن
کونای قیرینەش دایم وەجۆشەن...

ئەم باسە تا ئێستاش بڤەیە، بەڵام شێخ ڕاشکاوانە هەجووی شاعیرە ژنەکەی کردوقە، شاعیرە ژنەکەش لە شێخ ئازا و کارامەتر وەڵامی داوەتەوە:

ڕەزا وە زەفتم ڕەزا وە زەفتم
هیچ کەس نەکەردەن تەعەدا زەفتم
دەمت وە مابەین چاڵی ئەشکەفتم
بچێ وەچاوتا تابکۆکی جەفتم

هەجووەکانی شێخ کەسی نەبواردووە، تەنانەت مام و ئامۆزا، ژنی خۆشی.

مامەکەم قەحبەژنە دەوڵەتی شەدادی هەیە
تالعی ڕەهبەر و بەختی خودادی هەیە

هەروەها هەڵوێستی سیاسی خۆشی لە کات و بوارە جیاوازەکاندا خستووەتەڕوو، بۆ نموونە ڕووخانی میرنشینی بابان، هاوکات گەندەڵیی عوسمانییەکان و ستایشی والیی عوسمانیشی کردووە.

بەشی سێیەم: باسی ماوەی سەدەی بیست تا سەرەتای شەستەکانی هەمان سەدە، واتە شۆڕشی ئەیلولی 1961 دەکات. لەم بەشەدا دەستەی شاعیرە کاکەییەکان و شاعیرانی بە کرمانجی خواروو نووسی، وەک: سابری، تاهر فواد، لوتفی، شاکەلی، ئەسیری، ڕەفیق حیلمی و هتد بە جیا باسدەکات. شاعیرە کاکەییەکان لەبەرئەوەی ئاخاوتنیان بە کاکەیی و ماچۆ بووە، ئەوا شیعرەکانیان یارسانی، ئەهلی حەق و کاکەیی بووە و ئاوڕیان لە ناوەڕۆکە سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکان داوەتەوە. ئەو شاعیرانەش پێکهاتوون لە: یەسوو ساوک، مەلا فەتۆش، خەلیل منەوەر و هتد کە توێژەر باسی ژیان و نموونەی شیعرییانی هێناوەتەوە. دواتر دێتە سەرباسی دەستەی شاعیرانی دیالێکتی خواروو، بە سابری دەستپێدەکات و بە لوتفی کۆتایی پێدێنێت. دواتریش باسی ناوەڕۆکی شیعرەکانیان دەکات کە بابەتی ئاینی، کۆمەڵایەتی، دڵداری، وەسف، نیشتمانی و بیری نەتەوەیی و سیاسین. هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵی هەردوو شاعیری دیار ئەسیری و مامەند کەرکووکی دەکات کە ئەسیری شیعرەکانی نموونەی بەرەنگاربوونەوەی کۆنەخوازان و پاشماوەی دەرەبەگایەتیە:

ئەی خەریکی ڕموز و نازو نیاز
ئەوروپا فەنی گەییوەتە ئیعجاز
قوللەی ئیڤلی لە ئەفلاکە
عەکسی ئەو گەردشی لەژێر خاکە

هەروەها توێژەر باسی نوێکەرەوەی شیعری کەرکووک لەسەر دەستی مامەند کەرکووکی دەکات کە جگە لە شیعر پەخشانیشی نووسیوە و وەک شێخ نوری و گۆران دەستی لە نوێکردنەوەی شیعردا هەبووە. لە کۆتاییشدا باسی ڕەفیق حیلمی و شێخ ڕەئوفی خانەقا دەکات و ئاماژە بە ڕۆڵی ئەم شاعیرانە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری و بیری کوردایەتیدا دەکات. لە کۆتاییشدا ئەنجامی نامەکەی دەخاتەڕوو کە لە کەرکووک بە دیالێکتی گۆران و بابەتی ئاینی و کێشی بڕگەیی دەستیانپێکردووە، دواتر لەسەدەی هەژدەوە ناوەڕۆکی شیعرەکان فراوان بوون و ڕوویان لە بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی کردووە، ئەمەش بەهۆی ململانێی کولتووری و ڕۆشنبیری و سیاسییەوە، چونکە خەڵکی ناوچەکە دژی داگیرکەران وەستاونەتەوە، لە سەدەی نۆزدەوە بەهۆی قەڵەمڕەوی بابان و سێکوچکەی بابان دیالێکتی خواروو زاڵ بوو، بەڵام لە کەرکووک بە گۆرانی هەر دەنووسرا. هەروەها ئەو گۆڕان و نوێخوازییەی شێواز و ناوەڕۆکی شیعر کە ناوچەی سلێمانی گرتەوە، بەهەمانشێوە کەرکووکیشی گرتەوە.

# یەک بوون و دوو خۆکوشتن



وەلید عومەر


خۆکوشتن، دوا ئیمکانە کە کەوتووەتە ناو سنووری ژیانەوە. دوا ئیمکانە لە لێواری ژیان و بووندا. ئەوە شارستانیەت و کولتووری مرۆییە کە پێناسەی جۆراوجۆری بەسەر ئەم ئیمکانەدا سەپاندووە و بە باش یان خراپ حوکمی لەسەر داوە. خۆکوژی خۆی لە خۆیدا ئیمکانێکی ڕووتە و کاتێک بەراوردی کۆی بوون و گەردوونی دەکەین، شتێکی نە نەرێنییە و نە ئەرێنیش. ئیمکانێکە، بارگۆڕانێکی مادییە، کوژانەوەی تەنێکی مرۆییە. ئەوە پانتایی ڕەمزییە دواتر دێت و ئەمە وەک ڕووداوێک دەخەملێنێ و حوکمی باش و خراپی بەسەردا دەدات. ئەو کەسەشی خۆی دەکوژێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان بەر دواسنوورە ڕەمزییەکان دەکەوێت. سنووری ڕەمزی واتە سنووری کولتوور و کۆمەڵگا و سەرەنجامیش بوون. لەبەر ئەمە مرۆڤ بەر لەوەی لەبەر هۆکارێکی زۆر دیاریکراو خۆی بکوژێت، لەبەر ئەوە خۆی دەکوژێت کە هەیە. بوونەکەی جۆرێک لە ئیمکانی ڕووتە کە پێی دراوە و پێدەچێت هۆکارێک ببێتە بیانوو تا کۆتایی بەم ئیمکانە بهێنێت کە پێی بەخشراوە.

خۆکوشتن لە کۆدا دیاردەیەکی مرۆییە و نەبەستراوەتەوە بە ئاستی هۆشیارییەوە. ئاستی هۆشیاری پتر لەوەدا ڕۆڵ دەگێڕێت کە بە کام ئامانج و غایەت نەگەیت ئیتر خۆت دەکوژیت (گەرچی ئەمەش ڕەها نییە و دەکرێت نووسەرێک و بیریارێک لەبەر ئامانجێکی زۆر سادە خۆی بکوژێت). بوون پێش هۆشیاری دەکەوێت، بۆیە خۆکوشتن کۆتایی بە بوونێک-بوونەوەرێک دێنێت و هۆشیارییەکە تۆزێک فۆرم و هەلومەرجی خۆکوژییەکە دەگۆڕێت و هیچی تر. مێژوو خۆی شایەتە کە لە هەموو ئاستەکانی هۆشیاریدا، خۆکوشتن هەبووە و جۆرەها ئامانجی سەیروسەمەرەشی لەپشتەوە بووە.

بەپێی دەروونشیکاری، ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین خۆکوشتن جۆرێکە لە خۆ-خەساندن. ئەویش بەوپێیەی کە فرۆید مردن بە خەسان دادەنێت. خەسان ئەو گرێ بنەڕەتییەیە کە بوونی مرۆڤی لەسەر هەڵکەوتووە و ژیانی مرۆڤ بەپێی دووری و نزیکی لەو گرێیانەوە ڕێکخراوە. بۆنموونە، گرێی ئۆدیب، گرێی خەسان و هتد. کاتێک کەسێک دەمرێت، چ ئاسایی بێت یان نا، ئەوا بوونی ئەو کەسە دەخەسێت. کۆی وجودی لەدەستدەدات. وەکچۆن منداڵ لەسەرەتاوە دایکی لەدەستدەدات و باوک دێتە ناوەوە و گرێی ئۆدیب دروست دەبێت و منداڵ تووشی خەسانێکی ڕەمزی دەبێت، هەر بەو جۆرەش مرۆڤ کاتێک دەمرێت، کۆی چوارچێوە گەورەکەی لەدەستدەدات. لەدەستدانیش ناوێکی ترە بۆ خەسان، هاوتای خەسانە. یان پاشایەک کاتێک تاجەکەی لەدەستدەدات پێی دەگوترێت خەسانی ڕەمزی. ئەو لەڕووی ڕەمزی و کۆمەڵایەتییەوە تووشی خەسان هاتووە. ئەو شتەی لێ داشکێنراوە کە وەک داراییەک هەبوو: تاج. کەسی خۆکوژیش بەدەستی خۆی، خۆی دەخەسێنێ. دیارە لە باکگراوەندی کولتووریی کۆمەڵگای ئێمەدا خەسان ڕەهەندێکی پیاوسالارانەی هەیە و زۆریش نەرێنییە. بۆنموونە کە دەگوترێت فلان کەس خەسێنراوە ئەوە جۆرێک لە نوقسانیی ئابڕووە بۆ ئەو کەسە. بەڵام لە دەروونشیکاریدا، خەسان زنجیرەیەک دۆخە کە لە مرۆڤ نابێتەوە،. مردنیش خەسانە گەورەکەیە. خۆکوشتنیش بەم پێیە، بەشداریکردنی خۆکوژەکەیە لە خەساندنی خۆیدا (چونکە ژمارەیەک هۆکاری کولتووری و دونیاییش بەشدارن تێیدا).

نووسەر خەم و کۆژانی هەیە، کەسێکی ئاساییش هەیەتی. بۆیە ئازار پێشمەرجی خۆکوشتن نییە. مەرج نییە شاعیر یان نووسەر بیت بۆ ئەوەی خۆت بکوژیت، بەڵکو ئەوە خۆکوژییە کە خۆی جۆرێک لە ڕامانی تیایە. ئەوەی خۆی دەکوژێت، چەندەش سادە بێت، هێشتا بەر دۆخێک دەکەوێت کە بۆ خۆی یان ئەوانیتر جێی ڕامانە. نووسەر بیت یان نا، بە خۆکوشتنەکەت نیگای ئەوانیتر بۆ سەر خۆت قەرز دەکەیت. نیگای پانتایی ڕەمزی بۆ ساتێک لەسەر خۆت چڕدەکەیتەوە. ئەویش ئەو کاتەی کە خۆت نەماویت. تۆ پێشوەختە ئەم دۆخە ئەزموون دەکەیت. لێرەوەیە کە وەک بەهای وجودی، کەسێکی ئاسایی و نووسەرێک وەکو یەکن. هەریەکەیان ئەو شتە دەدۆڕێنن کە ناوی وجود (existence)ـە. دەشێت نووسەران دوای خۆیان ڕستەیەکی جوان، پڕ ڕەوانبێژی، نامەیەک جێبهێڵن بەڵام نامەی کەسە ئاساییەکان لە ئانی خۆکوژیدا بریتییە لە ئەکتەکەی خۆیان. ئەوان جەستەی خۆیان وەک نامەیەک جێدەهێڵن- هەتا گەر بێت و بشزانن کەس نایخوێنێتەوە: چونکە شتێک هەیە ناوی ئەویتری گەورەیە، ناوی نیگا شاراوە کۆمەڵایەتییەکەیە و لە هەموو پنتێکەوە لێمان دەڕوانێت.

# پیتەر هاندکە؛ نۆبێلیستێک دژ بە نۆبێڵ



**ئا: ئەدەب و کولتوور**

پیتەر هاندکە، ساڵی 1942 لە گوندێکی نەمسا لەدایک بووە، ماوەی سی ساڵە لە پاریس دەژی. ئەکادیمیای سوید دەربارەی بەخشینی خەڵاتی نۆبێل بەم نووسەرە، دەڵێت: "لەبەر بەرهەمێکی کاریگەر، کە بە لێهاتوویی زمانی، پەراوێز و ئادگارەکانی ئەزموونی مرۆیی شرۆڤە کردووە". پیتەر هاندکە، شانۆنامەنووس، شاعیر و وەرگێڕی نەمساوی، بووە براوەی خەڵاتی نۆبێلی 2019.

پیتەر هاندکە ساڵی 2004 کاتێک سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ ی سەرۆکی پێشووی سربیا لە دادگای نێودەوڵەتیی لاهای بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆسایدەوە لە بۆسنە و هەرسک دادگایی دەکرا، بەیاننامەیەکی واژۆ کرد کە داکۆکی لەم جەلادەی سربیا دەکرد و دادگاییەکەی بە "نادادپەروەرانە" ناو دەبرد. ساڵی 2006یش کە میلۆسۆڤیچ لە زینداندا کۆچی دوایی کرد، لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنیدا وتارێکی خوێندەوە.

لە کاتی بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆمانییەوە لە ساڵی 1966ـەوە تا ئێستا، ساڵێک تێنەپەڕیوە بە لانیکەمەوە ڕۆمانێک یان شانۆگەرییەک لە لایەن ئەوەوە بڵاونەکرابێتەوە.

هاندکە لە ساڵی 2014دا داوای لابردنی خەڵاتی نۆبێلی کرد و گوتی: "ئەم خەڵاتە تەنها پیرۆزکردنێکی درۆزنانەیە".

ئەدەب و کولتووری ڕووداو دەربارەی پیتەر هاندکە، هەریەکە لە؛ فازڵ جاف، نووسەر و شانۆکار، دانا ڕەئووف، نووسەر و شانۆکار و مەریوان هەڵەبجەیی، وەرگێڕی دواندووە و هەریەکەیان لە دیدگای خۆیانەوە دەربارەی براوەی نۆبێلی ئەدەبیاتی ساڵی 2019 قسە دەکەن.

## پیتەر هاندکە و نۆبێڵی ئەدەبیی 2019

**دانا ڕەئووف**



پیتەر هاندکە، کە خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیی بۆ ساڵی 2019، دوای قەیرانێکی قووڵی ئەکادیمیای سویدی وەردەگرێت، دەزانێت پەرچەکردارێکی بەهێزی نەرێنی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە خێرا دەڵێت: (ئەکادیمیای سویدی لە ستۆکهۆڵم دەنگی بە ئەدەب داوە، نەک بە سیاسەت). بێگومان هەر وایش بوو، چ لە سوید و چ لەسەر ئاستی دونیا، ئەم خەڵاتە بۆ پیتەر هاندکە بووە جێگای ڕەخنە و پەرچەکردارێکی بەهێز. ئەم ڕەخنە توندەیش لە ئەکادیمیای سویدی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هاندکە لە کاتی شەڕی بەڵکاندا لایەنگریی سەرۆکی سربیا سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ ی دەکرد و تەنانەت لە بەندیخانە سەردانی کردووە و لە کاتی بەخاکسپاردنیشیدا گوتاری خوێندووەتەوە. یەکێک لە ڕەخنەکان لەم نووسەرە ئەوەیە کە ئەو پێگەی خۆی وەک نووسەرێکی گەورە و دیار بەکارهێناوە و دەنگی بەخشیوە بە جۆرێک لە فاشیزم و ئەو دیکتاتۆرەی دەیویست قەڵاچۆی گەلێک بکات. ئەکادیمیای سویدی پشت دەکاتە ئەم ڕاستییە تاڵە و هاندکەی نووسەر خەڵات دەکات، نەک ئەو هاندکەیەی بە هەموو توانای خۆیەوە لایەنگریی خۆی بۆ کەسێک دەردەبڕی کە تاوانی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە پیتەر هاندکە یەکێکە لە گرینگترین نووسەرەکانی ئەم سەردەمە و شایانی خەڵاتی نۆبێڵە.

پیتەر هاندکە، لەدایکبووی ساڵی 1942، نووسەرێکە لەسەر ئاستی دونیا ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئێجگار فرە بەرهەمە: ڕۆمان، شیعر، ڕەخنە و گوتاری تیۆری، شانۆنامە و سیناریۆی فیلم، هاوکات فیلمسازێکی بە سەلیقە و داهێنەرە، ئەمە جگە لەو هەموو بەرهەمەی وەریگێڕاونەتە سەر ئەڵمانی، یان بە پێچەوانەوە لە ئەڵمانییەوە بۆ فەڕەنسی و ئیتاڵی. هاندکە لە ئەتمۆسفێرێکی ڕیتواڵەکانی واقیعەوە بۆ سنوورەکانی خەون و فەنتازیا، لە ستایلێکی تەواو سەربەست و لە دەرەوەی هەموو سنوور و ڕێسا ئەدەبییەکاندا کار دەکات، نووسەرێکە دیدێکی جیهانگیریی هەیە و بە قووڵی لە سەفەرێکی بەردەوامدایە بۆ ناوەوە و هەروەها بۆ دواوە بەرەو ڕەوشێک لە خودی کێشە خودگەراییەکانی مرۆڤدا، کە لەوێدا زمان و جیهان یەکەیەکی ستاتیکی پێکدەهێنن. دیدی هاندکە جۆرە مۆتیڤێکی پڕ لە ڕاز و نیازێک دەخوڵقێنێ کە زمان دەبێتە "زمانێکی ڕاز و نیازئامێز"، و هزرێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ دونیا دەستەبەر دەکات.

هاندکە لە ساڵی 1966دا بە دەقێکی شانۆیی دەست بە ژیانی ئەدەبیی خۆی دەکات و ڕەخنەگرەکان بە زمانێکی ڕەخنەیی تایبەت، کە لە هەوڵی هەڵکۆڵین و شیکردنەوەی کلێشە، دەستەواژە بەکارهێنراوەکان، ستراکتورە دابونەریتخوازەکان و هەموو فۆرمە زمانەوانییەکانی ئەدەب و درامادا ئاماژەی بۆ دەکەن. هاندکە هەر لە دەستپێکی ژیانی ئەدەبییەوە، هەموو دابونەریتە ئەدەبی و ڕێساکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. شیعر بۆ پیتەر هاندکە وەک دونیا و دونیاش وەک شیعر دەبینێت. ئەو شیعرەی هاندکەیش دونیای لێوە دەبینێ، بە زمانێکی ئەدەبیی فەلسەفی بەرجەستە دەبێت و لە فۆرم و ستایلێکدا گوزارشت لەو دیدە جیهانگیرییەی پیتەر هاندکە ناکات، بەڵکوو هاندکە بەردەوام لە فۆرم و ستایلی جیاوازدا کاری کردووە؛ بۆ نموونە لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا، پابەندی دابونەریتەکانی سیاسەت و ئەدەبی نەمساوی و فۆرمەکانی زمانی ئەڵمانی بووە، دواتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەدەبی نوێی فەڕەنسی، بە تایبەتیش شەپۆلە نوێیەکانی ڕۆمانی فەڕەنسی، تا دەگاتە چەمکە سیاسی و شۆڕشگێرییە هاوچەرخەکان. لەم ڕووەوە هاندکە لە دیدێکی ئەزموونگەرییەوە کاری کردووە و هەوڵی داوە هەمیشە فۆرم و ستایلی جیاواز تاقی بکاتەوە، تەنانەت وەک دەرهێنەری سینەماییش دیدێکی ڕادیکاڵ و ئەڤانتگاردیزمی هەیە.

دوا بەرهەمەکانی هاندکە دوو دەقی شانۆیین کە لە ئەزموون و بەرکەوتنە جیاواز و هەمەچەشنە دەوڵەمەندەکانی مرۆڤایەتییەوە، لە سەفەرێکی تەنیایی و تاراوگەیەکی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمەوە دەڕوانێتە ئاسۆیەکی لێڵ و تاریکی مرۆڤایەتی.

لە کۆتاییدا دەتوانین پیتەر هاندکە لە پێنج خاڵدا کۆ بکەینەوە:

ڕەشبینی: لەم ڕووەوە کاریگەریی کافکا و دۆستۆیڤسکی بەسەرەوەیە، بێگومان تۆماس بێرنهارد-یش. لەم لایەنەوە یەکێک لە ڕۆمانە دیارەکانی هاندکەیش "چیرۆکەکانی ژیانێک"، 1972 باس لە خۆکوشتنی دایکی دەکات، ئەم ڕۆمانەی نموونەی ئەدەبێکی قووڵی پڕ لە ڕەشبینییە.

کەسێکی براوەیە: هاندکە یەکێکە لەو نووسەرانەی تا ئێستا چەندان خەڵاتی گرینگی ئەدەبیی وەرگرتووە، بۆ نموونە ساڵی 1978 خەڵاتی زێڕینی فێستیڤاڵی کان، وەک دەرهێنەر وەردەگرێت، ساڵی 2014 خەڵاتی ئیبسن و ئێستایش خەڵاتی نۆبێل.

کەسێکی وروژێنەرە: هەمیشە بە قسەکانی ناوەندە ئەکادیمی و ئەدەبییەکانی دونیای تووڕە کردووە، بۆ نموونە هێرش دەکاتە سەر نووسەرێکی گەورەی وەک "تۆماس مان" و وەک نووسەرێکی زۆر خراپ ئاماژەی بۆ دەکات، لایەنگری جەلادێکی وەک میلۆسۆڤیچ دەکات و هێرش دەکاتە سەر خەڵاتی نۆبێل و ئەکادیمیای سویدی و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم خەڵاتە نەمێنێ.

هاندکەی ئەڤانگارد: کە هەمیشە هەوڵی داوە فۆرم و ستایلی جیاواز لە ڕۆمان و دەقە شانۆییەکانیدا تاقی بکاتەوە.

دوا خاڵ هاندکەی فیلمسازی سەربەست و داهێنەرە: هاندکە لە شەستەکانەوە لەگەڵ دەرهێنەرە سینەماییەکانی ئەڵمانیا کاری کردووە، دەقە شانۆیی و ڕۆمانەکانی کراون بە فیلم و سیناریۆی بۆ هەندێک لە فیلمە گەورەکانی سینەما نووسیوە، ئەمە جگە لەوەی خۆیشی وەک دەرهێنەری سینەما کاری کردووە و خەڵاتی جیهانیی بردووەتەوە.

## پیتەر هاندکە و خەڵاتی نۆبێل و ناڕەزایی پێنی جیهانی

**مەریوان هەڵەبجەیی**



کۆتایی نەوەدەکان بۆ یەکەمجار ئاشنا بووم بە کار و بەرهەمەکانی پیتەر هاندکە و لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەردوو شانۆنامەی "سووکایەتی بە بینەران" و "سووکایەتی بە خود" و دواتریش خوێندنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی "دادگایی" و "کاسپار" و "ترسی گۆڵپارێز لە شووتی پەناڵتی". لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا هەردوو شانۆنامەی "سووکایەتی بە خود" و "سووکایەتی بە بینەر"م کردن بە کوردی. لە ئێراندا پێشوازیی زۆری لێکرا و وەک نووسەرێکی خاوەن شێوازی تایبەت جێگەی خۆی کردەوە. پیتەر هاندکە لە سەرەتای نووسین و لە قۆناغی یەکەمی بەرهەمەکانیدا هەوڵی داوە زمانێکی تایبەتی خۆی هەبێت و تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە لەو ڕێگەیەی گرتبوویە بەر، چ لە ئەڵمانیا و چ لە ئاستی دونیادا خوێنەری زۆری بەدەست هێنا. کارکردن و نزیکبوونەوەی لە گرووپی 47 هۆکارێکی تر بوو لە تەمەنی لاوێتی و لە سەرەتای کارکردنییەوە ناوبانگ دەربکات.

لەو کورتە چیرۆکانەی لە سەرەتاکاندا نووسینی دژەباو و بنەماشکێن بوو، بە تایبەت لە چیرۆکی "درەختی لەسێدارەدان" و "قسەکانی باوکم لە کێڵگەی زەڕاتدا". یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی تەنزێکی ڕەشە کە بەرچاوتر و کاریگەرتر نیشانی دەدا. چڕنووسین و کورتنووسین و یاریی زمان لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانین. هاندکە بڕوای وایە "بۆشایی و کەلێن شوێنی ڕاستەقینەی نووسینە، تەنیا کەلێن و شوێنە بەتاڵەکانە نووسەر دەتوانێت بە نووسین پڕیانبکاتەوە. "نووسین بۆ من پڕکردنەوەی بۆشایی بە وێنەی کلێشەیی واقیعییەت نییە. لەڕاستیدا من هەمیشە ترساوم لە لاساییکردنەوەی واقیعییەت و خۆم بەدوور گرتووە لێی".

ئەوەی پەیوەستە بە هونەری نووسین و دیدی ڕەخنەگران بەرامبەر هاندکە، هەمیشە جێگەی ستایشێکی زۆر بووە و وەک یەکێک لە باشترین نووسەرانی دونیا لە پۆلێنبەندیدا دادەنرێت. ساڵانێکی زۆرە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت خەڵاتی نۆبێلی پێ ببەخشرێت و پێشتریش زۆر خەڵاتی گەورەی جیهانیی وەرگرتووە. ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا بەشێک لە میدیای دونیای خەریک کرد بەخۆیەوە، ناڕەزایی ئەنجوومەنی قەڵەمی جیهانی و زۆر ناوەند و دامەزراوەی گەورەی جیهانی بەیاننامەیان لە دژی ئەکادیمیای نۆبێل دەرکرد، لەبەر بەخشینی خەڵاتی نۆبێل بە نووسەرێک کە بیروباوەڕی فاشیستیی هەیە.

## پیتەر هاندکە - 1942

**فازڵ جاف**



ئەمساڵ کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێل لە ستۆکهۆڵم خەڵاتی نوبێلی لە ئەدەبدا بەخشی بە نووسەر و وەرگێڕ و ڕێجیسۆری فیلم، پیتەر هاندکە (تەمەن 76 ساڵ).

ساڵی 1966 هاندکە هێشتا لە تەمەنی بیستوسێ ساڵیدا بوو، ڕۆمانی (زەردەواڵە)ی بڵاوکردەوە، ئەم ڕۆمانە هاندکەی لاوی بە دنیای ئەدەبی ئەورووپایی ناساند، یەکسەر پاش ڕۆمانی زەردەواڵە، شانۆنامەی (بریندارکردنی بینەران)ی نووسی کە هاوشێوەی ڕۆمانەکە زۆر دەنگی دایەوە، ئەوە بوو سەرکەوتووانە لە لایەن چەندین تیپی شانۆییەوە نمایش کرا، ئەم شانۆنامەیە هاندکەی وەک درامانووسێکی هەڵکەوتوو بە شانۆی ئەورووپایی ناساند. هێشتا لە زانکۆ قوتابی یاسا بوو، ناوبانگی وەک ڕۆماننووس و درامانووس بڵاوبووەوە، ئەمە وای لە هاندکە کرد، زوو دەست لە خوێندنی یاسا هەڵگرێت و بە تەواوەتی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات.

هەر لە قۆناغی لاوێتییەوە، چەندین ڕۆمان و کۆمەڵەشیعر و شانۆنامە و درامای ڕادیۆیی و سیناریۆی فیلمی بەرهەم هێنا.

ئەگەر باس لە سیناریۆکانی هاندکە لە بواری فیلمدا بکەین، ئەوەندەی بەسە کە ناوی فیلمی (ئاسمانی سەر بەرلین) بهێنین، ئەمە یەکێکە لە فیلمە گرنگەکانی مێژووی سینەما، لەم فیلمەدا ناوی هاندکە وەک سیناریۆنووس لە جیهانی سینەمادا سەنگ و بایەخی خۆی سەلماند.

لە ڕووی زمانی ئەدەبییەوە هاندکە بە یەکێک لەو نووسەرە هەڵکەوتووانە دادەنرێت کە لە بەکارهێنانی زمانی ئەڵمانیدا خاوەن شێوازێکی تایبەتن.

دایکی پیتەر (ماری) ساڵی 1971 لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، خۆکوشتنی دایکی برینێکی گەورەی لەسەر ڕۆحی هاندکە جێهێشت، ئەوە بوو ساڵی 1974 دەربارەی خۆکوشتنەکەی دایکی نۆڤلێتێکی نووسی کە لەبەر وەستایەتیی هاندکە لە بەکارهێنانی هەست و سۆز و زمانی شاعیرانە، هەروەها لەبەر کاریگەرێتیی شێوازەکەی، ڕەخنەگران گەلێک ستایشیان کرد. هاندکە لەم ڕۆمانەدا هەوڵی داوە ئەو هۆکارانە تاووتوێ بکا کە وای لە دایکی کرد، دەستی بچێتە گیانی خۆی و خۆی بکوژێت.

وەک شانۆنامەنووس، هاندکە خۆی لە ڕێباز و شێوازەکانی ڕیالیزم دوور رادەگرێ، ئەو شێوازێکی تایبەت بە خۆی خوڵقاند، شێوازێک کە تاڕادەیەک نزیکە لە برێخت و هینری مویلەرەوە، شێوازێک کە گفتوگۆ و پرسیار و تێڕامانی لەلای بینەران درووست دەکرد، لە شانۆنامەکانیدا هاندکە مەبەستی نییە واقیع و ژیان وەکو خۆی دەقاودەق بگوازێتەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ، ئەوەندەی کە هەوڵ دەدا وێنەیەکی واهیمانەی واقیعدرووست بەرجەستە بکا. کارەکتەرەکان (ئەکتەرەکان) لە شانۆنامەکانیدا دەبێ وەکو ئەکتەری شانۆ، یان ئەکتەر لە نمایشدا، نەک وەکو کەسایەتیی ناو ژیان خۆیان بنوێنن. ئەوان لە نمایشدا ڕووی دەمیان ڕاستەوخۆ لە بینەران، نەک لە یەکتر، دەکەن، بە ئەندازەیەک کە زۆر جار تەنانەت بینەرانیان بریندار دەکەن

### کەریم پەڕەنگ، نووسەر و وەرگێڕ:

# من زیاتر خوێنەرم وەک لە نووسەر



مالپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێشەوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویسترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بەتایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە بیستەمین گفتوگۆماندا، کەریم پەڕەنگ، نووسەر و وەرگێڕ وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری رووداو**

**رووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** من هیچ کاتێک یەک کتێب ناخوێنمەوە، بەڵکوو هاوکات چەند کتێبێک دەخوێنمەوە. ئێستا ڕۆمانی (ئەو پیاوەی بەختەوەری دەهێنێت) دەخوێنمەوە. ئەم ڕۆمانە (کاتالین دۆریان فلۆرێسکو) نووسیویەتی. فلۆریسکو خەڵکی ڕۆمانیایە، بەڵام لە سویسرا نیشتەجێیە، من زۆر حەزم بە شێوازی نووسین و گوزارشتی ئەم ڕۆماننووسەیە، پێشتر ڕۆمانی (کاتی پەرجوو) و (ڕێگای کورت بەرەو ماڵەوە) و (یاکۆب بڕیار دەدات عاشق بێت)ی نووسیوە.

ڕۆمانەکە 325 لاپەڕەیە و من 284 لاپەڕەم لێی خوێندووەتەوە. پیاوێک (ڕەی)، هونەرمەندێکی شکستخواردووە و دەیەوێت بەناوبانگ بێت، بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەیە بەرەو نیویۆرک، لەبەر ئەوەی لەو بڕوایەدایە دەتوانێت لەوێ جێپێی خۆی خۆش بکات و بەناوبانگ بێت. ژنێکیش (ئێلینا) بەڕێوەیە بەرەو نیویۆرک بۆ ئەوەی خۆڵەمێشی تەرمەکەی دایکی بهێنێتەوە، ئەم ژن و پیاوە لە ڕێگە یەکتر دەناسن و هەرکەسە و دەکەوێتە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی.. چیرۆکی ماڵباتەکانیان مرۆڤ دەبەنە ناو دونیای نیویۆرکەوە- هەر لە ساڵی 1899ـەوە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆمان، جگە لەوەش هەمیشە بە گێڕانەوە دەگەڕێنەوە بۆ کەنارەکانی دانوب. هەردوو کەسایەتییەکە هەریەکە و لە ڕوانگە و گۆشەنیگای خۆیەوە ئەم بەسەرهاتانە دەگێڕنەوە.

زمانی ئەم نووسەرە زمانێکی زۆر سیحرییە و حیکایەتخوانێکی زۆر نایابە. کە مرۆڤ دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی بکات، ئیتر لێی نابێتەوە هەتا تەواوی نەکات، کە تەواویشی دەکات، حەز دەکات ڕۆمانەکە چەند لاپەڕەیەکی دیکەی بەدوادا بهاتایە.

کتێبی دووەم (فەلسەفەی هونەر)ـە، کە محەممەد کەمال نووسیویەتی. محەممەد کەمال یەکێکە لە دەنگە جددییەکانی دونیای نووسین و بیرکردنەوەی ئێمە، ئەو یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی بواری فەلسەفە کە دەزانێت باسی چی دەکات و مرۆڤ دەتوانێت لێی تێبگات.

لەم کتێبەدا محەممەد کەمال هەوڵ دەدا لەبەر تیشکی بیرکردنەوەی فەلسەفی، هەر لە ڕۆژی پەیدابوونی فەلسەفەوە، واتە لە یۆنانییەکانەوە (ئەفلاتون، ئەریستۆ) هەتا فەلسەفەی کلاسیک و هاوچەرخ (هیگڵ، کانت، نیتشە، هایدیگەر) هونەر و ئێستاتیکای هونەر بخوێنێتەوە.

کتێبی سێیەمیش، (مێژووی ستاتیکایە لە ڕۆشنگەرییەوە هەتا پۆستمۆدێرنە)، ئەم کتێبە نۆربێرت شنایدەر نووسیویەتی و تیشک دەخاتە سەر ستاتیکا هەر لە ڕۆژی سەرهەڵدانییەوە، واتە لە ساڵی 1750 کاتێک ئەلێکساندەر باومگارتن یەکەمجار وشەی ستاتیکای بەکار هێنا و کتێبێکیشی بە هەمان ناوەوە نووسی، دواتر کانت کتێبێکی بە ناوی (ڕەخنە لە وزەی داوەری) نووسی و هیگڵ لە موحازەرەکانیدا تێیدا قووڵتر بووەوە. ئەم مێژووی ستاتیکایە هەتا دریدا درێژەی هەیە.

**رووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**کەریم پەڕەنگ:** بێگومان لێرەدا ناتوانم ناوی کتێبێک بهێنم کە ژیانمی گۆڕیبێت. خوێندنەوە پرۆسەیە، پرۆسەش بە کتێب و دوو کتێب نایەتە ئاراوە، بەڵام ڕەنگە بتوانم ئاماژە بۆ (بێنەواکان)ی ڤیکتۆر هوگۆ بکەم کە لە تەمەنێکی زۆر نەوجەوانی بە عەرەبی خوێندمەوە. (دواییتر سەدساڵ تەنیایی) و (کەس نامە بۆ ژەنەراڵ نانێرێت)ی نووسەری کۆلۆمبی گابرییەل گارسیا مارکیز، ئەمە جگە لە دەیان کتێبی دیکە کە لەم گفتوگۆ کورتەدا جێگای ئەوە نابێتەوە باسی هەمووی بکرێت.

**رووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**کەریم پەڕەنگ:** بێگومان کتێبێک ناتوانێت بۆچوونی مرۆڤێک بگۆڕێت، گۆڕینی بۆچوونیش پرۆسەیەکی درێژخایەنە، کتێب وا لە مرۆڤ دەکات قووڵتر بیر بکاتەوە، شتەکان زیاتر شەنوکەو بکات،

> **محەممەد کەمال یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی بواری فەلسەفە کە دەزانێت باسی چی دەکات**

ڕەنگە یەکێک لە سوودە هەرە باشەکانی کتێب ئەوە بێت مرۆڤ لە حوکمی پێشوەخت دووربخاتەوە.

بەڵام من هەر زوو (بوون و نەبوون)ی سارتەرم خوێندەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کاتە زۆر لێی نەدەگەیشتم، بەڵام دەتوانم بڵێم کاریگەریی سارتەر و ئەو کتێبانەی بوونگەراکان کە بە زمانی عەرەبی خوێندمنەوە، خاڵی وەرچەرخانی بیرکردنەوەی من بوو. جگە لەوە هەر لە نەوجەوانییەوە تێکەڵی بیر و فەلسەفەی چەپگەرایی بووم و کتێبەکانی مارکس و لینین و ماوتسی تۆنگ کاریگەرییان بەسەرمەوە زۆر بوو.

**رووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**کەریم پەڕەنگ:** نەک تەنیا کتێبێک، چەندان کتێب هەن کە حەزم دەکرد من بمنووسیبان، وەکو (سەدساڵ تەنیایی) مارکیز، (ناوی گوڵەباخ) و (باودۆلینۆ)ی ئیمبێرتۆ ئێکۆ، (دەروێش و مردن)ی مێشا سەلیمۆڤیچی بۆزنی.

**رووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** لێرەشدا ناتوانم ناوی تەنیا کتێبێک بهێنم، دەتوانم ناوی کتێبگەلی وەکو (سووکیی لە تاقەتبەدەری بوون)ی کوندێرا، (ناوی گوڵەباخ)ی ئیمبێرتۆ ئێکۆ، (من ناوم سوورە)ی ئۆرهان پاموک، (ساڵانی سەگ)ی گوینتەر گراس، (ساڵانی سەگ) بە مانای ژیانی سەگانە، واتە ژیانێکی کلۆڵ و ناهەموار. هەموو ئەو دەقانەی مرۆڤ دەیانخوێنێتەوە بە ئاگایی یان نائاگایی هێلانەی خۆیان لە ئەزموونی نووسەردا دەکەن و دەتوانێت سوودیان لێ ببینێت. ئەمەش بە مانای کۆپیکردنی ستایل نایەت، بەڵکوو بە مانای سوودوەرگرتن لە ستایلی نووسەرانی دیکە و پەرەپێدان و متووربەکردنی لەگەڵ ستایلی خودی نووسەردا.

**رووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** (ماڵئاوایی لە چەک)ی ئەرنست هێمەنگوەی، چ وەکو ڕۆمان و چ وەکو فیلم گریاندوومی، جگە لەوە لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا ڕۆمانی (دایک)ی گۆرکیم خوێندەوە، ئەوەندەی لە بیرم مابێت ئەوە یەکەم کتێب بوو بمگریەنێت.

**رووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**کەریم پەڕەنگ:** (عەتر)ی پاتریک زوسکیند، (سەمەرقەند)ی ئەمین مەعلوف، (گەمەی فریشتە)ی کارلۆس ڕویس زافۆن. بە ئەڵمانیش ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلیم بۆ چەند هاوڕێیەکی نەمساویم کردووەتە دیاری.

***

ساڵی 1886 ئانتوانێت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئاییندەی فەڕەنسا- فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**رووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** فریاکەوتنی مرۆڤێکە لە کاتی تەنگانە و دڵخۆشکردنی مرۆڤە. چاکە کاتێک چاکەیە، ئەو مرۆڤەی چاکەی لەگەڵدا دەکرێت خۆی بە قەرزارباری چاکەکەرەکە نەزانێت و چاکەکەرەکە چاوەڕوانی چاوخواریی چاکە لەگەڵ کراوەکەدا نەکات و بە چاویدا نەدات.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**کەریم پەڕەنگ:** بێگومان ناتوانین بڵێین تایبەتمەندیی گشتیی هەن و لە هەموو پیاوێکدا ئامادەییان هەیە، قسەخۆشی و نوکتەبازیی هەندێ پیاو، تێگەیشتن لەوی دیکە، خۆپێگەیاندن، بڕوابەخۆبوون.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**کەریم پەڕەنگ:** شیعرییەت، ئامادەیی بەخشین (لێبووردن)، گوێگرتن، سەبر و تەحەمول، نەرم و نیانی.

**رووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**کەریم پەڕەنگ:** دڵسۆزی، من هاوڕێم زۆر کەمە، بەڵام دەتوانم پشتیان پێ ببەستم، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت هەر کاتێک دڵم تەنگ بوو ڕوویان لێ بنێم، دڵم بدەنەوە و کە دڵم خۆش بوو پشتیان تێبکەم، بەڵکوو هەندێ جار بیری قسە خۆشەکانیشیان دەکەم و هەندێ جار بە قسەی خۆش دەمەوێت دڵیان خۆش بکەم.

**رووداو: حەزت لە چییە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** حەزم لە بێدەنگییە. کەشێکی هێمن و بێدەنگ بە تەنیا، یان لەگەڵ هاوڕێیەک

> **(ماڵئاوایی لە چەک)ی ئەرنست هێمەنگوەی گریاندوومی**

لە شوێنێکی بێدەنگ گفتوگۆ بکەم، هەندێ جاریش دەچمە سەر رووباری دانووب لە ڤیەنا و لە ئاو دەڕوانم. ئاوی ڕووبار و دەریا سیحرێکی زۆر تایبەتیان لە خۆیاندا حەشار داوە.

نووسەری کەتەلۆنی (خاومە کابرێ) ڕۆمانێکی هەیە بە ناوی (دەنگەکانی ڕووبار)، کاتێک لە گوێڕووبارێک دادەنیشم و گوێ لە دەنگی ڕووبار دەگرم، دەیان دەنگی جیاواز دەبیستم و بیر لەوە دەکەمەوە، دەبێت ڕووبار چەند هەزار دەنگی دیکەی هەبێت و لە توانای مرۆڤدا نەبێت بیانبیستێ.

**رووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکەی؟**

**کەریم پەڕەنگ:** ڕەنگە بەختەوەریی ئایدیاڵ بۆ هەر مرۆڤێک مانایەکی جیاوازی هەبێت. ئەوەی باری دارایی خراپ بێت وا دەزانێت بە پارە بەختەوەر دەبێت، ئەوەی نەخۆش بێت وا دەزانێت بە چاکبوونەوە بەختەوەر دەبێت. ڕەنگە بەختەوەرییش نەک لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە، بەڵکوو لە لای تاقە مرۆڤیش لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە بگۆڕێت. ئەو نەخۆشەی چاک دەبێتەوە، نالێت ئیدی من چاک بوومەوە و بە بەختەوەریی خۆم گەیشتم، بەڵکوو داوایەکی دیکە بۆ بەختەوەرییەکی دیکە سەرهەڵدەدات.

بەڵام من کاتێک کارێکم بۆ دەلوێت، کە شتێک دەکەم و تێیدا سەردەکەوم، ئۆخژنێک دامدەگرێت، ئەگەر بتوانین ئەمە بە بەختەوەری ناوزەد بکەین، ئەوا بۆ من بەختەوەریی ئایدیاڵ ئەوە.

> **ڕەنگە کۆچەری یان گەشتیارێکم لە ناخمدا حەشار دابێت**

**رووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** مەزنترین چارەڕەشی ئەوەیە، دەوروبەرەکەت لێت تێنەگەن، هەندێ جار قسەیان بۆ بکەیت و هەست بکەیت قسە بۆ دیوار دەکەیت. هەندێ جار مرۆڤ لەناو خەڵکێکی زۆردایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە تەنیایی دەکات، لێرەدا مەبەستم تەنیاییە فەلسەفییەکە نییە، بەڵکوو بەڕاستی لەگەڵ خەڵکێکی زۆر دانیشتبی و وابزانی بە تەنیای.

**رووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**کەریم پەڕەنگ:** من هەمیشە حەز دەکەم لەو شوێنە بژیم کە لێی نیم، جارێکیان نووسیبووم:

کە لێرە بم بیری ئەوێ دەکەم،

کە لەوێ بم بیری ئێرە دەکەم.

من هەمیشە بیری ئەو شوێنە دەکەم کە لێی نیم.

من ئێستا زۆر حەزم لە سەفەر نەماوە، بەڵام هەمیشە هەست دەکەم بە خەیاڵ لە شوێنی دوورم و ڕەنگە کۆچەری یان گەشتیارێکم لە ناخمدا حەشار دابێت.

**رووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** من حەز لە ڕەنگی سوور و پەمەیی و کەسک دەکەم. گوڵخەزێم و گوڵەباخ دڵخوازی منن. گوڵ هەمووی جوانە، من هەتا ئێستا گوڵی ناشیرینم نەبینوە، بەڵام هەندێ جار لە ناو دەیان گوڵی گوڵەجارێکدا تەنیا گوڵێک بە دڵی مرۆڤ دەبێت.

**رووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**کەریم پەڕەنگ:** پیتەر هاندکە، خاومێ کابرێ، کارلۆس ڕویس زافۆن، میلان کوندێرا، شاندۆر مارای، لە کۆنەکان دۆستۆیڤسکی، بەلزاک، تۆماس مان...

**رووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** هوێلدەرلین، ڕیلکە، لوێرکە، شێرکۆ بێکەس، ماردین ئیبراهیم ...

**رووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** (سیدهارتا)ی هێرمان هێسە، (ڕۆبنسن کروزۆ)ی دانیەل دیفۆ، (مێرسۆ)ی ڕۆمانی (نامۆ)ی ئەلبێرت کامو.

**رووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** (ئانا کارنینا) ی تۆڵستۆی، (مەدام بۆڤاری) گوستاڤ فلۆبێر، (ئێفی بریست)ی فۆنتانا.

**رووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**کەریم پەڕەنگ:** مالەر، بێتهۆڤن، مۆتزارت، کامکارەکان، باخ، چایکۆڤسکی، ڕەهمانینۆڤ.

**رووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**کەریم پەڕەنگ:** ڤان کۆخ، ئیگۆن شیلە، ئۆسکار کۆکۆشکا.

**رووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** تاڤگە، گلارە (ناوی کچەکەمە)، کاوان، ئاڤان، سەرگوڵ، شەوبۆ، ڕەنج.

**رووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** دووڕوویی، لووتبەرزی، خۆبەکۆیلەکردن، چاوەڕوانی. کە کەسێک دڵی لێت ڕەنجابێت و پێت نەڵێت هۆکارەکەی چییە.

رووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبێ؟

کەریم پەڕەنگ: حەزم دەکرد زۆر بە سەبرتر و گەشبینتر بوومایە و زیاتر لە ئێستا حەزم لە نووسین بووایە.

**رووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**کەریم پەڕەنگ:** حەز دەکەم شەوێک بخەوم و هەڵنەستمەوە، تەمەن گرنگ نییە. بێگومان جگە لە خۆکوشتن بڕیار بە دەست مرۆڤ خۆی نییە کەی دەمرێت و چۆن دەمرێت. ئەگەر بە دەست خۆم بێت حەز ناکەم بە دەست نەخۆشییەوە بتلێمەوە و پەککەوتە بم و لە جێدا بکەوم.

**رووداو:** ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟

**کەریم پەڕەنگ:** هەموو ئەوانەی دەمناسن دەڵێن تۆ زۆر هێمنی، لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا ڕووکەشە، پشێوی و نائارامییەک لە ڕۆحمدایە حەزم دەکرد ئەوانەی دەوروبەریشم هەستیان پێی بکردایە. وروژانێک لە ڕۆحمدایە وەکو هەمیشە چاوەڕوانی لافاو یان بومەلەرزەیەکی گەورە بکەم.

**رووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**کەریم پەڕەنگ:** ئەو ڕێیەی ئەمڕۆ دەیگریتە بەر ڕێگەی ئاییندەیە. بەڵام گرنگە تەنیا دروشم نەبێت و مرۆڤ بتوانێت کاری پێ بکات.

**رووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**کەریم پەڕەنگ:** لەم کاتەدا کە وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە، دەڵێم بەڵێ دەمەوێت ببمەوە بە نووسەر، بەڵام دوێنێ بە جۆرێکی دیکە بیرم دەکردەوە و ڕەنگە سبەینێش بە جۆرێکی دیکە بم. لەڕاستیدا من زیاتر خوێنەرم وەک لە نووسەر، زۆرجار بە هۆکاری خوێندنەوەوە خۆم لە نووسین دەدزمەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مرۆڤ ناتوانێت بە خوێندەوە گوزارشت لە ناخ و بیرکردنەوەی بکات، ڕەنگە کتێبێک بخوێنیتەوە و چێژێکی تایبەتت پێ ببەخشێت و پێشنیاری خوێندنەوەی بۆ چەند هاوڕێ و دۆستێک بکەیت، بەڵام وەرگێڕانی هەمان کتێب بۆ خوێنەرێکی زۆرتر و بەرفراوانتر خوێندنەوە تێدە پەڕێنێ و بەشکردنی لەزەتەکە لەگەڵ خەڵکێکی زیاتردا خۆشییەکەی زیاترە.

من خەڵکی وا دەناسم هێندەی سێ نووسەر و پەنجا ڕۆمان کەرەستەی گێڕانەوەی هەیە، بەڵام نووسەر نییە، نووسەریش هەیە هیچی بۆ گێڕانەوە نییە، شەڕ بە نووسین دەفرۆشێ.

**رووداو: زیاتر بە ئەدەبیاتی کام وڵات سەرسامیت؟**

**کەریم پەڕەنگ:** من لەگەڵ ئەوەی لە نەمسا دەژیم و بە ئەڵمانی دەخوێنمەوە، بەڵام زۆر بە ئەدەبی کەتەلۆنی سەرسامم، هەر لە (زافۆن) و (خاومێ) وە هەتا (مێرسێ ڕۆدێرێدا)، (سێرگی پامیەس)، ستایلی گێڕانەوە، گرێچنی، گەیاندنی ڕووداو بە چڵەپۆپە و خاوکردنەوەی، کەرەستەی گێڕانەوە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی نووسەرە کەتەلۆنییەکانە،

> **زۆر بە ئەدەبی کەتەلۆنی سەرسامم**

بێگومان نابێت ئەدەبیانی ئیسپانیاش بە شێوەیەکی گشتی فەرامۆش بکەم.

**رووداو: ئەگەر ڕۆمانێکی کوردی دیاری بکەیت، وەک یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکان، چ ڕۆمانێک دیاری دەکەیت؟**

**کەریم پەڕەنگ**: من حەز ناکەم ناحەقی بەرامبەر بەرهەمی هیچ کەسێک بکەم و ڕۆمانێک وەکو باشترین ڕۆمانی کوردی دیاری بکەم. چونکە من لە وڵاتەوە دوورم و هەموو ڕۆمانێکم بەدەست ناگات و کاتی خوێندنەوەی ئەو هەموو کتێبانەشم نییە کە لە کوردستان بڵاودەبنەوە. سێ لەسەر چواری خوێندنەوەی من بە ئەڵمانییە، ئەگەر کتێبم پێبگات یان لە سەفەرەکانمدا هەندێ کتێب لەگەڵ خۆم بهێنمەوە یان بە پۆست بۆ خۆمی ڕەوانە بکەن، ئەوا دەیانخوێنمەوە، بەڵام ڕێژەی ئەو کتێبە کەمە بەشی ئەوە ناکات لەم دوورەوە حوکم بە سەر ڕۆماندا بدەم و باشترین یان خراپترین ڕۆمان دیاری بکەم

بەڵام دەتوانم وەکو خوێنەرێک باسی چێژی تایبەتی خۆم بۆ ڕۆمانێکی دیاریکراو بکەم. باشترین ڕۆمان بۆ منی خوێنەر ئەو ڕۆمانەیە کە ئەوەندە ئاسەواری دوای خوێندنەوەی لەلام بەجێهێشتبێت بڕیار بدەم جارێکی دیکە بیخوێنمەوە یان ئەوەندە لەلام خۆشەویست بووبێت لەگەڵ خۆمدا بیگێڕم. من زۆر چێژم لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی و (خەونی پیاوە ئێرانییەکان)ی ماردین ئیبراهیم بینیوە.